www.kurdistannet.org

# بەڵێ بۆ سەرکوتکردنی ڕۆژنامەنووسان

**بۆتان تەحسین**

لە ڕۆژانی ١٣ تا ١٥ی ئەم مانگە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسان بەسترا، کۆنگرە زۆر لایەنی ئیجابی بۆ بار و زرووفی ئەمڕۆی سیاسی و فەرهەنگی کوردستان لەخۆ گرتبوو، بەڵام بەو پێیەی دووتۆیی بابەتی ڕۆژنامەنووسی دەبێ دوور بێ لە موجامەلات، چەند سەرنج و ڕەخنەیەک لەبارەی کۆنگرە دەخەمە ڕوو کە دەبووایە لەوێ پێشنیارم کردبا، لێ شێوازی بەڕێوەچوونی کۆنگرە بواری نەدام بیخەمە ڕوو .

ئەگەرچی یەک بوونەوەکە قەڵەمبازێکی گرنگی نێو ژیانی ڕۆژنامەوانی و فەرهەنگیی بوو بەڵام هێشتا لە بەرامبەر گرفتی سەرەکی ئەمڕۆیی ڕۆژنامەگەریی نەوستان قەیرانی ئێستای کاری ڕۆژنامەنووسی لەوەدا نییە کە توانای ڕۆژنامەنووسی کەمە یانیش ئازادی پێویست بۆ نووسین ڕەخساو نییە، بەڵکو کێشەی سەرەکی ژیانی ڕۆژنامەوانی لە کوردستان پەراوێز خستنی دەنگی ڕۆژنامەنووسانە لە ڕەوتی ژیان، گرفتەکە بێ سەنگی بابەتی ڕۆژنامە و نەخوێندنەوەیەتی لەلایەن دەسەڵات و ناوەندی بڕیار.نەخوێندنەوەی ڕۆژنامە بەمانا رووکەشیەکەی نا کە دەسەڵات هاوبەشی لەگەڵ ڕۆژنامەکان ناکات و نایکڕێ، بەڵکو خوێندنەوە بەمانای بەپیرەوە نەچوونی داخوازی ڕۆژنامەکان و خۆ گێل کردنە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان وەک بڵێی بۆ ئەوان نەنووسرابێ و ئاراستەی ئەوان نەکرابێ.

ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە ٤٧٠ ڕۆژنامەنووس بوون هەر یەکێکیش نوێنەری پێنج ڕۆژنامەنووس بوو، ئەگەر ١٠٪ ئەو ژمارەیە لەیەک کاتدا لە ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا و بانگەواز و کەم و کورییەک بخەنە ڕوو لە لایەن ناوەندەکانی بڕیار وەڵام بدرێنەوەو بەدوایدا بچن ڕەوشەکە بەشێوەی ئێستا لە بازنەیەکی بەتاڵ ناخولێتەوە و گەندەڵ نابێ بەسیمای ژیان لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە هیچ کاردانەوەیەک و بەدواداچونێک نیە، ئەمەش جۆرێک لە نائومێدی بۆ خودی ڕۆژنامەنووس دروست دەکات وای لێ دەکات هەستی نامۆبوون و بەپەراوێزبخستن لە ناخیدا بڕوێ و بەقێزەوەنی سەیری پیشەکەی بکات. تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتداران ڕۆژنامەنووسەکە بانگهێشتیش بکەن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن و دەسگیریشی بکەن ، هێشتا باشترە لەوەی کە لە بەرامبەر داخوازییەکاندا خۆیان کەڕ و لاڵ بکەن!!